پەنابەرێکی کورد خەڵاتێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت

پەنابەرە کوردەکەی دوورگەی مانوس کە ناسراوە بە بەهێز بوچانی خەڵاتی (ئەننا پۆلیتکۆفسکایە) ی وەرگرت بێ ساڵی 2018. خەڵاتکردنی ئەم پەنابەرە لە بەرامبەر کار و چالاکییەکانی دژت کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەو دورگەیە ئەنجامی داوە و بەبەردەوامی گرفت و نەهامەتییەکانی پەنابەرانی لە نوسینەکانیدا بێاو دەکاتەوە.
بوچانی، لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی چەندین ساڵە لە کەمپەکانی دوورگەی مانوس دەستبەسەرە.

پەنابەرانی دوورگەی ناورێ و مانوسی پاپانیوگینیا ئەو کەسانەن کە پێشتر ویستویانە بە قاچاخ و بە بەلەم ڕوو لە ئوسترالیا بکەن و هەرگیز لە ئوسترالیا نیشتەجێ ناکرێن.
خەڵاتی (ئەننا پۆلیتکۆفسکایە) خەڵاتکی ساڵانەیە کە بەناوی ڕۆژنامەنوس ئەننا پۆلیتکۆفسکایە ناونراوە کە لە ساڵی 2006 دا کوژراوە لە بەرامبەر بێدەنگنەبوونی لەسەر کارە ڕۆژنامەنووسییەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنامەی گاردیان

ئامادەکردنی: هێژار